**ئایا کابینەکەی ترامپ, کابینەی بلۆتۆکراتەکانە؟؟**
عەلی مەحمود محەمەد

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمەریکا 15 ملیارو 951 ملیۆن دۆلاری تێچوو بوو, پڕ تێچووترین هەڵبژاردن بوو لە مێژووی مرۆڤایەتی بە هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئەمەریکاشەوە, لە دامەزراندنەوە بۆ هەنووکە, هەڵبژاردنێك رۆڵی پارە رۆڵی سەرەکی بوو لە یەکلاکردنەوەی کورسی.

ئۆلیگاریشییەکان و هەڵبژاردن

بەخشش رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە یەکلا کردنەوەی ململانێکان بۆ بەدەست هێنانی کورسی, ئیلۆن ماسك 259 ملیۆن دۆلاری بەخشی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی ترەمپ, ئەمازۆنیش 40 ملیۆن دۆلاری بەخشی بە بەرنامەیەك خانمی یەکەمی ئەمەریکا بەرهەمی دێنێت, ئەوانی دیکەش بۆ مەراسیمی سوێند خواردنەکەی زۆریان بەخشی.
تەنانەت زۆر لە کۆمپانیاکان هەڵوێست و باوەڕی خۆیان لەسەر بازرگانی, گۆڕانی ژینگە, یەکسانی لە ژینگەی کار , و ... گۆڕی, لە نەیاری ترامپەوە 180 پلە گۆڕان بۆ لایەنگری.
لەکاتی مەراسیمی سوێند خواردنەکەی ترامپ لە هۆڵی رۆتۆندا لە کاپیتۆڵ ژمارەیەك زۆر لە گەورە ملیاردێرەکان کۆبوونەوە, وا دەورەیان دابوو, دەتووت لەبەرەی جەنگدان, وەك جەنەرالی جەنگ دەرکەوتن, ترامپیش وەك ناپلیۆن نمایشکرا, لۆید بلانکفاین بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی گۆڵدمان ساکس گەڕانەوەی ترەمپی بۆ سەر شانۆی جیهانی، دوای یەکەم خولی سەرۆکایەتی ، بەراورد کرد بە گەڕانەوەی ناپلیۆن ئیمپراتۆری فەرەنسا دوای ساڵێك لە دەربەدەری لە دوورگەیەکی ئیتاڵیا لە ساڵی 1915.
لە وێنەیەکدا کە چوار کەسایەتی لە کاتی سوێند خواردنی ترامپ پێکەوە دەرکەوتن, وێنەکە بووە جێگای باس لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان, ئەوانیش بریتی بوون لە " ئیلۆن ماسك, جیف بیزۆس و مارك زوکربیرغ و ساندر بیهشای:" , ئەوان پێکەوە خاوەندی 884 ملیار دۆلار و چوار کۆمپانیای تەکنەلۆژیای بە بەها بوون, سەرمایەکەیان دەکاتە دووجار داهاتی نەتەوەیی وڵاتێکی وەك بەنگەلادیش, کە ژمارەی دانیشتووانی 176 ملیۆن کەسە, ئەو وێنانە هێمایەك بوون بۆ ئەوەی بزانین حکوومەتەکەی ترامپ نوێنەرایەتی

کێ دەکات, ئەمانە ئەمساڵ هیچیان بەشداری دافۆس 55یان نەکرد, مەست بوون بە مەراسیمی سوێند خواردنی ترامپەوە.
تایبەتمەندییەکی دیار لە سەرۆکایەتی دووەمی ترەمپ کە بە ڕوونی لە مەراسیمی سوێندخواردنەکەدا نمایشکرا، زۆرینەی نەیارەکانی پێشووی لە دەوری کۆببونەوە, پشتگیرییە چەواشەکارییەکانی ترەمپ بوو لەلایەن ملیاردێرە تەکنەلۆژییەکان و دەوڵەمەندە گەورەکانەوە, ڕۆڵی ناوەندی کە ئیلۆن ماسك دەوڵەمەندترین پیاوی جیهان و ملیاردێرەکانی دیکە لە بواری بەڕێوەبردندا دەیگێڕێ، وا دەکات سیستەمەکە وەك پلۆتۆکراسییەك دەربکەوێت, نیگەرانییەکی ڕەوا هەیە کە یارمەتییەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ڕێوشوێنەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و چاودێری تەندروستی و .... ببنە قوربانی ئەو هەوڵانەی کە بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی حکومەتی فیدراڵی و خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت, ماسك بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە ڕێپێدراوە. ئەم ئیدارەیە دەستی کۆمپانیاکان ئازاد دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کۆمپانیا گەورەکان, یەکێك لە هەنگاوەکان لەم بوارەدا کەمکردنەوەی باجی کۆمپانیاکانە لە 21% ەوە بۆ 15% .

دەسەلات بەرەو چ ئاراستەیەك
پەرەسەندنی خێرای سستەمی دەسەڵاتداری بەرەو سیستەمی ئۆلیگارشی جیهانی، کە گروپێك ملیاردێر بەشێکی زۆری ئابووری جیهانیان کۆنترۆڵ کردووە, ساڵانە دەسەڵاتی ئۆلیگارشی جیهانی زیاتر قێزەونتر دەبێت, ئەمە ئەو واقیعە سیاسی و ئابوورییە سەختەیە کە دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە, ماسك دەستێوەردان لە ژیانی سیاسی وڵاتان دەکات, ترامپیش هەڕەشە لە دانمارك و کەنەداو پەنەما .
لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەرگیز ئەوەندە مارە کەمەی مرۆڤ, پارەی ئەوەندە زۆریان نەبووە, لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ کاتێك جیاوازییەکی وا لە داهات و ساماندا نەبووە لە نێوان تاك وڵاتاندا, لە مێژوودا هەرگیز چڕبوونەوەی خاوەندارێتی هێندە گەورەو زەق نەبووە, لە مێژوودا هیچ کاتێك چینێکی ملیاردێر هێندە بەهرەمەند نەبووە لەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە ئێستا هەیانە, هیچکات شاهیدی ئاستێکی وا لە تەماح و چاوچنۆکی و نابەرپرسیارێتی لە نێو چینی دەسەڵاتداردا نەبووین وەك ئێستا , ئەوەی ئێستا هەیە لە جیاوازی سامان, ئەوەی ئێستا ڕوودەدات هیچکات نموونەی لە رابردوودا نەبووە لە وێرانکاری ژینگە, دەوڵەمەند بوون, قۆرخکاری, جەنگ و کوشت و بڕ....... .

زیاد بوونی کاریگەری سیاسی سەرمایەداران و کۆمپانیاکان بەهۆی زیاد بوونی سەرمایەکانیانەوە, ئەم دەسەڵات و کاریگەریەش بەکار دەهێننەوە بۆ دەوڵەمەند بوونی زیاتر و زیاد بوونی جیاوازی, جیهان بەرەو جەمسەرگەری زیاتری چینایەتی دەبات.
دەوڵەتان دەسەلاتیان ڕادەستی قۆرخکارەکان کردووە، ڕێگە بە کۆمپانیاکان دەدەن کاریگەرییان لەسەر ئەو کرێیە هەبێت کە بە خەڵکی دەدەن، هەروەها نرخی ئەو خۆراك و دەرمانانەی کە تاکەکان دەتوانن دەستیان پێ بگات, وە ئەو بودجەیەی بۆ کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردەو پشتیوانییە کۆمەلایەتییەکن دەکرێت.
نایەکسانی دیموکراسی توشی قەیران دەکات و لە کاری دەخات, هەر ئەم نایەکسانیەیە هۆکاری دەنگ نەدان و بایکۆتکردن لە جیهاندا, متمانە نەماوە بە سستەمێك سەرچاوەی ئەم وەحشیەتەیە, سستەمی پەرلەمانی لە کار کەوتووە, ئەوانەی دایان هێنا, هەر خۆشیان مراندیان بە یاسای کوشتنی بە بەزەیی.

کەمکردنەوەی باج
لایەنێکی دڵخۆشکەری دەسەلاتی ترەمپ کەمکردنەوەی باجە لەسەر سەرمایەداران, بڕیار وایە تا 10 ساڵی دیکە نزیکە 8 ملیار دۆلاریان بۆ بگەڕێنێتەوە لە ڕێگای کەمکردنەوەی باجەوە.
ڕۆژ بە ڕۆژ سەرمایەداری جیهانی ڕێژەی باج کەم دەکاتەوە, لە ئێستا جەمسەرێکی سیاسی بەهێزو بەرفراوانی نەیاری سستەمی سەرمایەداری لە ئارادا نییە, بۆیە سەرمایەداری جیهانی پێویستی بە حکومەتی خۆشگوزەران سۆسیال نەماوە, ئەوانەی هەن لە لیبراڵ و ڕاستگەرا نەتەوەیی و ئیسلامی سیاسی و ... هەموو لەیەك کانی ئاو دەخۆنەوە لایەنگری سستەمی سەرمایەدارین, کەمکردنەوەی باج و بەتایبەتیکردنی کەرتە گشتییەکان تایبەتمەندی هاوبەشی هەموویانە, ڕێژەی باج لە ساڵی 1970 بە ڕێژەی 62% بوو, لە ساڵی 1980 دابەزی بۆ 48%, لە ساڵی 2022 دابەزیووە بۆ 23,1%, ئێستا ترامپ دایبەزاندووە بۆ 15%. لە وڵاتانی تازە گەشەکردوو 28% و لە وڵاتیکی وەك بەرازیل تەنها 10% یە.
دەوڵەمەندەکانیش نەك تەنها ڕێژەی باجیان بۆ کەمکراوەتەوە, بگرە 7600 ملیار دلاریان لە 2500 شوێنی جیهان لە باج شاردۆتەوە وەك ئاشکرا بوو لە پەناما گێت, بەشێوەی گشتی ئێستا دەوڵەمەندەکان و کۆمپانیاکان باجی

کەمتر دەدەن وەك لەوكات, بگرە بە كۆمەڵ وڵاتان بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی باج دەدەن.
بایدن هەڕەشەی باجی زیاتری دەکرد لە ئەو سەرمایەدارانەی سەرمایەکانیان لە سەروی 100 ملیۆن دۆلارەوە بوو, بەڵام ترەمپ 8%ی بۆ کەمکردنەوە, جگە لە ئیمتیازاتی دیکە.

ئۆلیگارشیەکان بۆ هەڵوێستیان گۆڕی

بایدن لە کۆتا وتاری ماڵئاوایی مەترسی باڵادەستی ئۆلیگارشییەکانی کرد, کە دیموکراسیەتی ئەمەریکا بخەنە ژێر پرسیارەوە, لەو کاتەی هەموویان لە پاڵ ترامپا خۆیان و هاوسەرەکانیان ریزیان بەستبوو.
لە مانگی ئازاردا بایدن پێشنیاری باجی سەروەت و سامانی کرد بەسەر دەوڵەمەندەکان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی وڵات، بەپێی پلانەکەی کە بەڵێنی دا ئەگەر دووبارە هەڵبژێردرێتەوە جێبەجێی بکات، لە بەڵێنەکەی هاتبوو ئەو ئەمریکییانەی سامانیان لە سەرووی ١٠٠ ملیۆن دۆلارەوەیە، بە ڕێژەی لەسەدا 2 باجیان لە سەرە.
هەروەها دوای ئەوەی بایدن هەڵوێستێکی توندتری لەبارەی کۆمپانیا زەبلاحەکانی سلیکۆن ڤالی گرتەبەر، ئەوان بەرەو ترامپ خزان, هەموو ئیدعاکان پێشوویان درۆزنانە دەرچوو.
بایدن لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ڕێبازێکی توندی بەرامبەر بە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا نا، هەوڵیدا بەکارهێنەران لە بەرزبوونەوەی نرخەکان بپارێزێت.
لە میانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٠دا، بایدن جەختی لە پاڵپشتی خۆی بۆ یاسای توندی دژ بە ئیحتیکار دەربڕی, کۆنترۆڵی ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە و دابەشکردنیان ئەگەر پێویست بکات لە ڕێگەی ڕێکاری یاساییەوە.
ئیدارەکەی هەمیشە ئیرادەیان نیشان داوە بۆ چاودێریکردن و دادگاییکردنی کۆمپانیا گەورەکانی وەك ئەمازۆن ، مایکرۆسۆفت، و گووگڵ , و "مێتا".
هەروەها دەیەویست کۆنترۆڵی مەترسییەکانی زیرەکی دەستکرد بکات.
هەروەها بایدن فشاری دەکردە سەر تۆرشە کۆمەڵایەتییەکان چاودێری هەواڵی ناڕاست و درۆ بکەن, کە بایدن نەما مێتا رزگاری بوو, بەناوی ئازادییەوە ئێستا ئازادە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ناڕاست.

ئەوە ڕوون بووەتەوە کە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا خوازیار بوون رزگاریان بێت لە بایدن و پەیوەست بن بە هەوادارانی ترامپەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکانیان بەرەوپێش ببەن.
لە دیارترین ئامادەبووانی سوێند خواردنی ترامپ مارك زوکەربێرگ بوو کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ترامپ لە خولی پێشووی سەرۆکایەتی لە خراپترین ئاستیدا بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەکاونتەکانی ترەمپی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و ئینستاگرام داخست دوای پەلامارەکەی کاپیتوڵ لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١, ئێستا ئەو چاوی لەسەر داخستنی تیك تۆکە, کە گەورەترین رکابەری میتایە, هەروەها بە بڕی 25 ملیۆن دۆلار رێك کەوت لەگەڵ ترەمپ بەرامبەر بە سکاڵاکەی.
پەیوەندییەکانی ترەمپ لەگەڵ سلیکۆن ڤالی بە درێژایی یەکەم سەرۆکایەتییەکەی گرژ بووە و بە درێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٤ درێغی نەکردووە لە ڕەخنەگرتن لە کۆمپانیاکان, بەڵام ئێستا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان وای کردووە موو بە بەینیانەوە نەچێت.
جێگەی سەرسوڕمانە کاتێك ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی لە کۆشکی سپی بوو, هەموو کەسە دیارەکانی سلیکۆن ڤالی بانگهێشت کرد بۆ ئەنجومەنی تەکنەلۆژیای ئەمریکی، لە ناو ئامادە بوواندا ئیلۆن ماسك نەبوو, بانگی نەکردبوو بۆ ئەو دیدارە.
تەنانەت تاکو مانگی ئازاری 2024، ماسك ڕەتیدەکردەوە پشتگیری لە ترەمپ بکات, هەڵوێستەکەی وەك ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بوو لە ژێر فشاری خاوەندەکەیجێف بیزۆس خاوەندی ئەمازۆنە, لە مانگی تەممووزدا- دوای هەوڵی تیرۆرکردنی ترامپ لە شاری باتلەر لە ویلایەتی پێنسیلڤانیا- ماسك هەڵوێستی خۆی گۆڕی و لە تویتێکدا پشتگیری تەواوی خۆی بۆ ترەمپ دەربڕی و هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ خواست.
ئەم گەورە سەرمایەدارانەی تەکنەلۆژیای سلیکۆن ڤالی لەناو خەڵکدا شەرمەزار دەرکەوتن بەهۆی ئم گۆڕانکارییە خێرا هەڵپەرستانەوەیان, بەهۆی ئەوەی ئەمانە پێشتر بە مەیلی سیاسی پێشکەوتنخوازانە ناسراون, ڕاپرسییەکی گرێگ فێرنشتاین دەریخست کە سەرکردەکانی سلیکۆن ڤاڵی زۆر لیبڕاڵ بوون لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان, ئەوان دژی سزای لەسێدارەدان بوون، پشتگیریان لە مافی هەڵبژاردنی ژنان و یاساکانی کۆنترۆڵکردنی چەك و مافی هاوڕەگەز بازان دەکرد و تاڕادەیەکی زۆر پشتگیرییان لە سیاسەتەکانی دووبارە دابەشکردنەوەی

سامان دەکرد، لەوانەش باجی زیاتر لەسەر دەوڵەمەندەکان و چاودێری تەندروستی گشتگیر بۆ هەژاران، هەروەها بانگەشەیان بۆ یاساکانی کۆچبەری سنووردار دەکرد, بۆیە زۆر لە چەپی ناو پارتی دیموکراتی نزیك بوون, بەڵام لە دوو بواردا ناکۆك بوون لەگەڵ باڵی چەپی ناو دیموکرات بە تایبەت زۆر دژی سەندیکاکانی کرێکاران و کۆنترۆڵی توندی حکومەت بوون, ئێستا هەموو باوەڕو ئامانجەکان خۆیان گۆڕییەوە بە بەرژەوەندی, لە کاتێکدا ئەگەر 99%ی هەموو سەروەتەکەشیان لە دەست بدەن, تا مردن لە پاشا پاشاتر دەژێن.

## پێکهاتەی کابینەکەی ترامپ

بە پێی ئامارێکی گۆڤاری فۆربس, هەموو سامانی ئیدارەی بایدن سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا 118 ملیۆن دۆلار زیاتر نەبووە, هەرچەندە بایدنیش نمایندەی ئۆلیگارشییەکانی ناو دیموکرات بوو لە ترسی هاتنی بیرنی ساندەرز و باڵی زۆر چەپی ناو دیموکراتەکان.

بەڵام پێکهاتەی ئەم ئیدارەیەی ترامپ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەرهەمی هەڵبژاردنێکە کە ملیاردێرەکان زیاتر لە جاران لە مێژووی ئەمریکادا بەخششیان داوەو بەتایبەت بە کۆمارییەکان, وە ئێستا بە زەقی ڕۆڵیان لە کابینەکەدا دەردەکەوێت.

ئەمەش پێکهاتەی ئیدارەی ترامپ, وە بڕی سەرمایەکەیانە:

- دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بڕی 5.4 ملیار دۆلار.
- ئیلۆن ماسك، هاوسەرۆکی وەزارەتی کارایی حکومەت (DOG)، 423 ملیار دۆلار.
- ڤیڤێك ڕاماسوامی، هاوسەرۆکی وەزارەتی کارایی حکومەت (DOG)، یەك ملیار دۆلار.
- سکۆت بێسێنت، وەزیری گەنجینەی ئەمریکا، دانی بەوەدانا کە ملیاردێرە.
- هاوارد لوتنیك، وەزیری بازرگانی، دوو ملیار دۆلار.
- لیندا مەکماهۆن، وەزیری پەروەردە، 2.6 ملیار دۆلار.
- دۆگ بورگوم، وەزیری ناوخۆ، یەك ملیار و 100 ملیۆن دۆلار.
- مەسعەد بولۆس، ڕاوێژکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆی بە ملیاردێر ناساندووە.
- ستیڤن فاینبێرگ، جێگری وەزیری بەرگری، پێنج ملیار دۆلار.

- وارن ستیڤنز، باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن، بڕی ٣.٣ ملیار دۆلار.
- چارڵز کوشنەر، باڵیۆزی واشنتۆن لە پاریس، 2.9 ملیار دۆلار.
- جارێد ئیزکمان، کارگێڕی ناسا، بڕی یەك ملیار و ٩٠٠ ملیۆن دۆلار.
- کێلی لۆفلێر، کارگێڕی بازرگانی بچووك، یەك ملیار و 100 ملیۆن دۆلار.
- دەیڤید ساکس، بەڕێوەبەری AI و Cryptocurrency، ملیاردێر.
- کریس ڕایت، وەزیری وزە، بڕی ١٧١ ملیۆن دۆلار
- ستیڤن ویتکۆف، نێردەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زیاتر لە 500 ملیۆن دۆلار.
- محەمەد ئۆز، بەڕێوەبەری چاودێری پزیشکی، بەلایەنی کەمەوە ١٠٠ ملیۆن دۆلار.
- فرانك بیسینان، کۆمیساری ئاسایشی کۆمەڵایەتی، زیاتر لە 900 ملیۆن دۆلار.

هەروەها ئەوە ماسك بوو کە پێشنیاری کرد ترەمپ ج د ڤانس وەك هاوڕێی کاندیدکردنی هەڵبژێرێت بۆ پۆستی جێگیری سەرۆك کۆمار, هەرچەندە تارمایی ماسك وەك سەرۆکی سێبەر شەوقی جی دی ڤانسی نەهێشتووە.

هەروەها ئیلۆن ماسك بە بەخشینی 259 ملیۆن دۆلار بە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ترامپ, وێڕای کەڵك وەرگرتن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس, یەك بە سەدی تا ئێستا بەدەست هێناوە, جگە لە دەسەڵاتی سیاسی.

لەوەی باسمان کرد دەردەکەوێت حکومەتەکەی ترامپ حکومەتێکی بلۆتۆکراتییە و بەرژەوەندی ئۆلیگارشییەکانی ئەمەریکا دەپارێزێت, ئەوەی لینین لە پێناسی دەوڵەتدا زیاتر لە 108 ساڵ لەمەوپێش کردی بۆ ئەوڕۆ تەواو ڕاستە" دەوڵەت ئامرازێکە بە دەست چینێکەوە بۆ سەرکوتی چینەکانی دیکە".

00964750371462O